بۆ ڕۆژنامەي خەباتي بەرێز !

بابەت پیرۆزبایی

## پیرۆزبايي لە كاك عادیل ئەنوەر كەركوكي بە بۆنەي وەرگرتني باوەڕنامەي دكتۆرا لە مێژوو



موسكۆ: ڕێككەوتي 2004/6/21 لە پەيمانگاي ڕۆژهەلاّت ناسي سەر بە ئەكاديمياي علومي كۆماري ڕوسياي فيدرالي بە سەرپەرشتي پرۆفێسر م. س. لازريڤ، كوردناسي بەناوبانگي ڕوسيا و بەسەرپەرشتي بەشي كوردي لە پەيمانگاي ڕۆژهەلاّت ناسي لە موسكۆ كاك عاديل ئەنوەر كەركوكي بڕوانامەي دكتۆراي لە ژێر ناوي (پرسي كورد لە عێراق 1958–1991) بە سەركەوتووي پارێزگاري (ديفاعي) لێكرد و بە تەواوي بەشداربوواني ئەنداماني شۆراي عيلمي بە يەكدەنگي ئەم بڕوانامەيان پەسند كرد و بە كارێكي زانستي و بايخدار لەقەلّەم دا و هيواي سەركەوتن و پەرەپێدان بە لێكۆلينەوە لەسەر كێشەي كورد بۆ دكتۆر عاديليان خواست.

ئەمە و هێندي رخنە و تێبيني و كەموكوري و پرسياريان لە كاك عاديل كرد و ناوبراويش بە گوێرەي پێويست وەلاّمي دانەوە و ياخود پێزانيني خۆي لەسەر كەمو كۆريو تێبينيەكان دەربڕي.

يەكێك لەو كەموكۆڕي ياخود ڕەخنانەي كە ئاراستەي خاوەن باوەڕنامەكە كرا كێشەي دووبەرەكي و شەڕي دەسەلاّتي پارتە دەسەلاّتدارەكاني باشووري كوردستان و مێژووي ناكۆكي نێوانيان و هەروەها پێك نەهێناتنيان لەسەر بەڕێوەبەرايەتيەكي(حكومەتي) يەكگربوو بوو كە تا ئيمڕۆش لەئاستي ناوخۆيكوردستان و هەرێمەكە و لەئاستي نێودەولەتيش زيانێكيقەرەبوو نەكراوي بۆ كوردبەدواوە بووە و لاي زۆربەي ڕۆژهەلاّتناسەكان بەتايبەت كوردناسەكاني ڕوسيا(سۆڤيەتي پێشوو) ڕێك نەخستني مالي كورد و يەك نەگرتنەوەي هێزەكاني كورد هەتا ئيمڕۆش كۆسپي سەرەكي بزوتنەوەوي كورد لە بەرەوروبونەوە لەگەلّ نەيارو دوژمنان و داگيركەراني ولاّتەكەيان و هەوەها كۆمەلّگاي نێودەولّەتييە.

جارێكيتر دەنگي ڕۆژهەلاّتناس و بەتايبەتي كوردناسەكاني بياني چوەسەر دەنگ و خواست و داواي كۆمەلّگاي كوردي.

لەلايان دۆستان و برادەراني كوردي دكتۆر عاديلەوە لە موسكۆ 2004/6/26

www.kurdistannet.org